# له ژێردەستەیی بەعسی "ڕەفتارفاشی"دیەوە، بۆ ژێردەستەیی دەسەڵاتی "ڕەفتارچەتە"ی کوردیی

## بەختیار کەریم

"ئەمشەو (شەوی شەممە) کە لە ماڵی خەزورم دەگەڕامەوە، بینیم ئاسایش داوای (هەوێیان) لە خەڵک دەکرد، دیمەنێک کە یادی ئەو ڕۆژانەی هێنامەوە کە بە ڕۆژگای مولازم موحسین ناسراوە."
لاوێکی دانیشتوی شاری سلێمانی لە ئیمەڵێکدا وای نووسیوە

"ڕۆڵە بە خوا سەرکردایەتی کورد ئەنجەلی هاتووە. سەرکردایەتی کورد کەری دێزە، حەز بە تۆپینی خۆی و زەرەری ساحێبی دەکات."
پیرێژنێکی کوردی تاراوگەنشین بە تەلەفۆن وای گووت

جەلال تاڵەبانی داهێنەری دەستەواژەی "ڕەفتارفاشی"یە، با ئێمەش لەمڕۆ بەدوا بەرپرسەکانمان ناوبنێین "ڕەفتارچەتە".

ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت، سەرەتای تەوژمێکی بەفراوانە لە دژی ئەو چەتەییەی سەرکردایەتی کورد گەیاندوویانەتە ئاستی شکاندنی هەموو سنوورەکانی نۆرم و ڕەوشت. بەدەر لەوەی ئەم تەوژمە چ کاریگەرییەکی بۆ سەر ئایندەی کورد دەبێت، پێویستە هەمووماں پشتگیریی لێبکەین، نەک خۆمان لەو ئەرکە بدزینەوە، بەو بیانوەی کە گوایا خۆپیشاندەران بەنزینخانەیەکیان سووتاندەوە، کە لەوانەیە هی بەرپرسە چەتەکان خۆیان بێت. هاوکات ئەگەر سەرکردایەتی کورد بەخەم ئایندەی کورد و ئایندەی خۆیانەوەن، ئەوا دەشێت دەرفەتێک مابێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو بەدڕەوشتییەی کە دەستیان داوەتێ. لەڕاستییدا هیچ بەرپرسێک لە کوردستان پاک نییە، چونکە ئەوانەی پاکن لە ڕۆژگارێکی وەک ئەم ڕۆژگارەی کوردستاندا، وەک هەڵوێست دەست لە کار دەکێشنەوە. بەڵام پێناچێت سەرکردایەتی کورد مێشێکیشی میوان بێت، هەربۆیە هەمان باڵۆرەی دۆرکانمان بۆ دووبارە دەکەنەوە. لەم تەنگژەیەی هەنووکەدا، ئەوانەی دەدوێن تەنها درۆ دەکەن، با لە درۆکانی یەکێک لەو بەرپرسانە بڕوانین.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا[1]، عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، دەڵێت:

> "من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاو هەموو کاتێکیش لەگەڵ ئەوەدام خەڵی کوردستان، هەموو چینو توێژەکان، بەشێوەیەکی شارستانیانە داواکانیان بێننە بەردەم حکومەتی هەرێم، بەڵام لە چوارچێوەی یاساو لەچوارچێوەی ئەو تەعلیماتانەی کە وەزارەتی ناوخۆی کوردستان هەیەتی بۆ چۆنێتی ڕێگەپێدان بە خۆپیشاندانو ڕێپێوانو مانگرتن."

بۆ ئاشکراکردنی دۆرکانی ئەم چەند ڕستەیەی سەرەوە، نە پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقێکی زۆر و نە بە میتۆدێکی دیاریکراوە، بەڵکو تێرامان لەوەی دەگوزەرێت و بەراوردکردنی بەوەی ئەم وەزیرە دەیڵێت دەمانگەیەننە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم چەند ڕستەیە لەجیاتی دۆریەک چەند درۆیەکی تێدایە. با پێکەوە سەرنج لە درۆکانی وەزیر بدەین، بەڵام تکامان لە وەزیر و چەکدارەکانی ئەوەیە کە نەماندەنە بەر دەستڕێژی گوولە، هونەرێک کە ئەوان تێیدا ئوستادن.

---

[1] بۆ بینینی چاوپێکەوتنەکە بڕوانە:
http://www.awene.com/web/archive/06/31/3.pdf

## درۆی یەکەم: بە شێوەیەکی شارستانیانە

جێگەی سەرسوڕمانە وەزیرێک، کە چەکدارەکانی وەزارەتەکەی ئەو، بەرپرسن لە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەری بێچەک، باس لە ڕەفتاری شارستانییانە دەکات. ئەگەر ڕەفتارەکانی ئاسایشی کوردستان، لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ساڵەی شارەکانی کوردستان، ڕەفتارێکی شارستانییانە بێت، ئەوا بێگومان کۆی سنوورەکانی نێوان شارستانییەت و بەربەرییەت سڕاونەتەوە. گەلۆ ئەوە چ ڕەفتارێکی شارستانییانەیە، کە هەرچی بەرپرسی ئەو وڵاتەی ئێمەیە سەرقاڵی دزیین، ئەگەر ئەوە شارستانییەت بێت، ئەوا با هەر لە ئێستاوە ئەو جۆرە ڕەفتارە چەتەییە، وەک دیمۆکراسیەکەی کوردستان، بگوازینەوە بۆ دەڤەرەکانی دیکەی جیهان. لە ڕاستییدا دوا کەسانێک، کە پێویستە باس لە شارستانییەت بکەن، بەرپرسە ڕەفتارچەتەکانی وڵاتی ئێمەن، کە هیچ بنەمایەکی شارستانیی نەماوە ژێر پێیان نەنابێت.

## درۆی دووەم: داواکانیان بێننە بەردەم حکومەتی هەرێم

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو تەوژمە لە خۆپیشاندانی جەماوەری تووڕەی شارۆچکەکانی کوردستاندا، مەسعود بارزانی کە گوایا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و نێچیرڤان بارزانی کە گوایا سەرۆکی حکومەتی "یەکگرتووە"، شتێکی ئەوتۆیان نییە بۆ گووتن. ئەوە با لە تاڵەبانی، کە سەرۆک کۆماری زۆنی سەوزە، گەڕێین، کە تەنانەت بە فاکسێکیش (بە زمانی عەرەبی) هەوڵی هێورکردنەوەی تووڕەیی جەماوەری نەداوە. ئیتر چ درۆیەکی سپییە کاتێک ئەم وەزیرە بە جەماوەر دەڵێت داواکانیان بخەنە بەردەم حکومەتی هەرێم، کام حکومەتی هەرێم؟ وەک بڵێی ئەم حکومەتە و بەرپرسە ڕەفتارچەتەکانی کوردستان گوێ لە داواکاری خەڵک بگرن. ئەگەر ئەم بەرپرسانە هەر لە سەرەتاوە خۆیان لەسەر گوێگرتن ڕابهێنایە، ئەوا بێگومان ئەمڕۆ کەس خۆپیشاندانی نەدەکرد. هاوکات دروستترین ڕاڤە بۆ سووتاندنی بەنزینخانە و جێگەی دیکە، تووڕەیی پەنگخواردووی جەماوەرە، کە لە ئەنجامی بێگوێی سەرکردایەتی کوردیی کەللەیی بوون. یا با ئەم دەرهاویشتە توندوتیژانەی خۆپیشاندەران وەک جۆرێک لە گەندەڵیی ببینین، کە بەشێکە لە زۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی بە گوولە وەڵام دەدرێنەوە. سەرکردایەتی کورد پانزە ساڵە دزیی دەکات، ناوی دەنێت گەندەڵیی، با لێگەڕێین خۆپیشاندانی جەماوەری تووڕەی کوردستانیش چەند دەرهاویشتەیەکی توندوتیژی هەبێت.

## درۆی سێهەم: لە چواچێوەی یاسادا

خۆپیشاندەرانی دەربەندیخان، گەواهی ئەو ڕاستییەن کە ئەم چوارچێوەی یاسایەی کە وەزیر باسی دەکات، جگە لە دۆریەکی شاخدار هیچی دیکە نییە. چونکە وەک ئەو خۆپیشاندەرانە دەڵێن: "وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی خۆپیشاندانمان پێنادات، کاتێکیش خۆپیشاندان دەکەین ڕێگەمان لێدەگرن." بە کورتی و بە کرمانجی، ئەوەی وەزیر بە چوارچێوەی یاسا ناوی دەبات، ڕێگرێکی شەرعییە لە خۆپیشاندان. لە بنەڕەتدا ئەو چوارچێوەی یاسایە، بۆ ئەوە دروستکراوە کە ڕێگە لە هەموو جۆرێکی ناڕەزایەتی بگرێت، هیچ کەسیش لە کورد ئاسانتر لەو جۆرە یاسایانە تێناگات، ئاخر ئەو بەعسەی، ئێستا حکومەتە بەناو یەکگرتوەکەی کوردستان یاساکانی وەک ئایەتی قورئان دەپارێزێت، لەڕێگای ئەو جۆرە لە یاساوە خەڵکی سەرکوت دەکرد، بگرە ئەنفالیش لای بەعس جگە لە کردەیەک کە لە چوارچێوەی یاسادا بەڕێوەچوو هیچی دیکە نەبوو. هاوکات چما چوارچێوەیەکی یاسا نییە بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ڕەفتاری بەرپرسە چەتەکان؟

لە کۆتاییدا، هیچ گومانێک نەماوە لەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانە فراوانتر دەبن، چونکە هیچ نەتەوەیەک لە جیهاندا، ئامادەنییە چاو لەو چەتییە بپۆشێت کە بەرپرسەکانمان بەناوی کوردایەتییەوە پێیهەڵدەستن. ئەمڕۆ پێویستییەکی ژیاری و سیاسی هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی هەوڵی ڕزگارکردنی چەند بەهایەک بدات لە

ویرانبوون و پووکانەوە. ئەو خەباتەی زۆرێک لە بەرپرسەکانی ئەمڕۆ کردیان، بەو دزیی و چەتەییەی ئەمڕۆ کردویانەتە ڕۆتین، دایانە دەم ڕەشەبا. ئەگەر سەرکردایەتی کورد هۆشیار نەبێت و بەدڕەوشتییەکانی پێچەوانە نەکاتەوە، ئەوا بێگومان بۆ نێو زبڵدانی مێژوو ڕادەماڵرێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سامناکی بۆ کورد دەبێت. هەرگیز ڕووی نەداوە سەرکردایەتییەک ئەوەندە بێباک لەگەڵ جەماوەردا ڕەفتار بکات، بەڵام زۆر جار ڕوویداوە کە بێباکی سەرەخۆرە بووە. با هیوایەک بە فیرۆ بدەین، بەڵکو دەسەڵاتی ڕەفتارچەتەی کوردی پەڕۆێک لە کفن دز بدڕێت و وانەیەک لە مێژووی دیکتاتۆرەکانی سەدەی ڕابردوو فێرببێت.


2006/08/12

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند

bakhtyarkarim@hotmail.com